# کەمپینی جیهانیی بۆ بەرگریکردن لەجەماوەری خەڵکی عیراق و گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگای عێراق

لەسەر بانگهیشتی بزوتنەوەی دیموکراتی و سۆسیالیزم لە یابان سەمیر عادل بەرپرسی مەکتەبی تەنفیزی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و سەمەر عزیز نوینەری ریکخراوەی ئازادی ژن لە کەنەدا هەلسان بەسەردانیکی ولاتی یابان  کە هەفتەیەکی خایاند. شایانی باسە ئەم بزوتنەوەیە زنجیرەیەك سمینارو کۆبونەوە و خۆپیشاندان و کۆنگرەی رۆژنامەگەری ریکخست بوو لەچەند شارێکی ئەم ولاتە بۆ ناساندنی هیزە کاریگەرەکان لە گورەپانی کۆمەلگای عیراقی و بەدیلی سیهەم بۆ رزگارکردنی جەماوەری عیراق لە سیناریۆی رەش. رۆژی 9ی تشرینی یەکەم کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسی ریکخرا بۆ سەمیر عادل و سەمەر عەزیز کە چەندین کەنالی راگەیاندن ئامادەی ببون، زۆرترین پرسیارەکانیان سەبارەت بەهەلومەرجی ئیستای عیراق و کردەوەکانی هیزەکانی ئەمریکاو تەقمەکانی ئیسلامی سیاسی و ریگاچارەکانی دەرباز کردنی کۆمەلگای عیراقی بوو لەم هەلومەرجە نالەبارەدا. لەهەمان رۆژدا سمیناریك سەبارەت بەکۆنگرەی گیرانەوەی مەدەنیەت ریکخرا کە لە 25ی ئابدا لە عیراق ریکخرابوو وە تیایدا سەمیر عادل  باسی هەلومەرجی عیراق و ریگاچارەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بۆ رزگاربوون لەم هەلومەرجەی کرد وە هەروەها سەمەر عەزیز باسی لەو کوێرەوەریانە کرد کەبەسەر ژنانی عیراقدا هاتووە لە ژیر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو جموجۆلی ئیسلامیەکاندا، وە دەورو نەخشی ریکخراوەی ئازادی ژن لە عیراق وەك لایەنیکی کاریگەر لە گیرانەوەی مەدەنیەت. هەر لەم بۆنەیەدا تیپیکی مۆسیقی یابانی سێ گۆرانی پیشکەش بە جەماوەری عیراق کرد لە ژیر ناونیشانی "هیوا، بەرگریکردن لەجەماوەری مەدەنی فەلوجە، بەلێ بۆ ژنان لە عێراق". رۆژی 10ی مانگ چالاکیەك سازدرا لە شاری هیرۆشیما لەژیر ناونیشانی "دادگایی جیهانی بەرامبەر ئەوەی کە لە عیراقدا رودەدات" کەتیایدا لیکۆڵەرەوانی یۆرانیۆمی پیتێنراو و مامۆستایانی زانکۆو پاریزەران قسەوباسیان کرد سەبارەت بە پیشیلکاریەکانی دەولەتی ئەمریکی لە بەڵیننامە نێودەوڵەتیەکان و پێشێلکاریەکانی حکومەتی یابانی لە دەستوری یابانی سەبارەت بە ناردنی سوپا بۆ هاوکاری سوپای ئەمریکی لەعیراقدا، لەم سمینارەدا سەمیر عادل ووتەیەکی پیشکەش بە ئامادەبوان کرد و کۆنگرەی گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگای عیراقی بە ئامادەبووان ناساند، هەروەها باسی ئەو دەسکەوتانەی کرد کە بەرەی دژی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی لە گەرەکەکانی جیهاد و الفرات لە بەغداو هاوپشتی لەکەرکوك و الخیلانیە لە دیالە بەدەستی هێناوە لە دابین کردنی ئاسایش و خزمەتگوزاریە شارەوانیەکان و کارکردن بە یاسا عیلمانی و ئینسانیەکان لەم ناوچانەدا. پاشان سەمەر عەزیز باسیکی پیشکەش کرد سەبارەت  بە دەستکەوتەکانی ریکخراوەی ئازادی ژن لە عیرا ق لە ریگای پیشاندانی سلاید و وینەوە کە تیایدا کردنەوەی بنکەی پاریزگاریکردن لە ژنان و زۆریك لەخۆپیشاندانەکان کە لە دژی بریاری 137 و رفاندنی ژنان و فەراهەم کردنی شەقامیکی ئارام ئەنجام درابوو لە عیراقدا، نمایشکرا. رۆژی 12ی مانگ زۆریك لە هیزو حزبە سیاسی و چەپەکان و ریکخراوە ئینسانی خوازەکان خۆپیشاندانیکیان سازدا دژ بە کۆنگرەی

ئاوەدانکردنەوەی عیراق کە لەوشارەدا ساز دەکرا، وە تیایدا سەمیر عادل وتەیەکی پیشکەش کرد سەبارەت بە ناوەڕۆکی واقعی ئەم کۆنگرانە. وە لە رۆژی 13ی مانگ کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسی سازدرا لە تۆکیۆ دوابە دوای ئەمەش کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسی ریکخرا سەبارەت بەهەمان مەسائیل. رۆژی 14 ی مانگیش سمیناریکی تر ریکخرا کە تیایدا سەمیر عادل و سەمەر عەزیز سەبارەت بە کۆنگرەی گیرانەوەی مەدەنیەت و پرۆژەکانی ریکخراوەی ئازادی ژن و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بۆ ئامادە بووان قسەو باسیان کرد.
شایانی باسە ریکخراوە چەپەکانی یابان و هیزە بەرگریکەرەکانی مافی مرۆڤ لیژنەیەکی هاوپشتیان پیک هینا بۆ هاوپشتی کردن لەگەڵ بەرگریکردنی مەدەنی لە عیراق و ئەندامانی وەفدەکە توانیان پەردە هەلمالن لەسەر کارە تیرۆریستیەکانی تیرۆریزمی ئەمریکی و ئیسلامی و ناوەرۆکی واقعی ئەو هیزانەی کە ناوچە مەدەنیەکانیان کردووە بە گۆرەپانی جەنگ بۆ خۆیان و داروخاندنی سەرچاوەکانی کارەباو داسەپاندنی یاسا ئیسلامیەکان بەسەر ئەو ناوچانەی دەسەلاتیان پەیدا کردووە تیایدا و هەروەها ئابرو بردنی وەفدی حکومەتی عەلاوی لایەنگری ئەمریکا کە دانراوە بۆ شەرعیەت دان بەهاتن و تاوانەکانی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق. هەروەها ناوەڕۆکی ئەو هەلبژاردنە فریودەرانەی ئایندەی عیراق ئاشکرا کرا، وە ئەندامانی وەفدەکە رای گشتی یابانیان لە بونی بەرەی سێ یەم بەرەی ئینسانیەت ئاگادار کردەوە کە درێژکراوەی بزوتنەوەی ئینسانین لە یابان وجیهاندا. وە ئەم پیشنیارە بووە جیگای پیشوازی گەرم و پشتیوان لێکراوی جەماوەری ئازادیخوازی یابان و بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی خۆیانیان بۆی نیشاندا. ئەندامانی وەفدەکە توانیان ئەو وێنایە بگورن کە لەلایەن کەنالەکانی راگەیاندنەوە کۆمەلگای عیراقی بە کۆمەلگایەکی ئیسلامی و دواکەوتوو نیشان دەدرێت. وئەم وێنا تازەیە لە کۆمەلگای عیراقی سەرسامی کردن.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

**ریکخراوی ئازادی ژن**